SORANI

# قوربانی تاوان له پرۆسەی دادگێڕیدا

رێبەرنامەکانی فریاکەوتنی تاوان ● 7 (2019)

## نەخشە

## تەلەفۆنی یارمەتیدەر 116 006

دەزگای "ریکو" 7 نووسینگەی هەرێمیی و 31 خزمەتگەی هەن لە هەموو لایێکەوە وڵات. هەموو خزمەتەکان و زانیاریی پەیوەندیکردن:

➔ riku.fi

دەزگای "ریکو" یارمەتیی قوربانیەکانی تاوان، کەسوکارەکانیان و شاهیدەکانی دادگێڕی دەکات بە خۆرایی لە هەموو لایێکی وڵات.



/rikosuhripaivystys @rikosuhrit

بە یارمەتیی:

RIKU RIKOSUHRIPÄIVYSTYS VICTIM SUPPORT FINLAND

MINISTRY OF JUSTICE FINLAND

## داوای یارمەتی بکە.

کارمەندەکانی فریاکەوتنی قوربانیی تاوان لە هەمووو قۆناخێکی دادگێڕیدا یارمەتی دەدەن. دەتوانین لە کاتی ڕاگەیاندنی تاوانەکەدا، لە لێپرسینەوەدا، لە لای پارێزەر و لە دادگێڕیدا یارمەتیت بکەین.

- یارمەتی دەدەین لە پێداچوونی هەستەکانی قۆناخەکە
- یارمەتی دەدەین لە بەڕێکخستنی پێویستیەکانی تایبەت، بۆ نموونە لە چۆنیەتیی چاوپێکەوتنی گومانلێکراوەکەدا
- یارمەتی دەدەین لە پەیداکردنی پارێزەر یان قەرەبووکردنی خەرجەکانیدا
- یارمەتی دەدەین لە خۆئامادەکردنی بۆ سوڵحکرندا
- یارمەتی دەدەین لە لە داواکردنی قەرەبووی زیانەکان بە ڕێگای لێسەندنەوە یان فۆرمە پڕکردنی بۆ خەزینەی دەوڵەت

زانیاریی زیاتر و هەموو خزمەتەکان:

➔ riku.fi

RIKU RIKOSUHRIPÄIVYSTYS VICTIM SUPPORT FINLAND

## ڕاگەیاندنی تاوان

قوربانی تاوان، پۆلیس یان هەر کەسێک دەتوانێت ڕاگەیاندنی تاوان بکات. ئەوە دەتوانێت تۆمار بکرێت لە بنکەی پۆلیس یان لە هەندێک بابەتدا لەسەر ئینتەرنێت www.poliisi.fi ڕاگەیاندن باشە لە زووترین کاتدا دوای ڕووداوەکە بکرێت بۆ ئاسانتر بێت لێکۆڵینەوە لەسەر بکرێت.

پۆلیس پرسیار دەکات کە ئایا قوربانی دەیەوێت گومانلێکراوەکە سزا بدرێت. ئەگەر قوربانیەکە نەیەوێت سزا بکرێت، بەڕێوەبردن لە **تاوانەکانی خاوەنداوادا** کۆتایی بێ دێت. لە **تاوانەکانی ژێر دەستی داواکاری گشتیدا** پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکات و داواکار تۆمەتبار دەکات گومانلێکراوەکە تا ئەگەر قوربانیەکەی داوای سزاش نەکات. لە هەندێک بابەتی سووکدا پۆلیس پرسیار دەکات کە ئایا قوربانیەکە ڕازی دەبێت بە سزادانەوەی گومانلێکراوەکە بە بێ دادگێری.

تۆمارکردنی ڕاگەیاندنی تاوان بە نامەیێک پەسەند دەکرێت. پۆلیس لەسەر بنەمای ڕاگەیاندنەکە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات.

قوربانی تاوان مافی هەیە

- ڕاگەیاندنەکە بە زمانێک بدات کە تێدەگات
- بەڵگەنامەکانی گرینگ بۆی وەربگێڕدرێن
- مترجم بۆی بگیرێت لە لێپرسینەوە و دادگا

---

یارمەتیدەری دادگێڕی پاڵپشتیی دادی بۆ قوربانیەکە دەکات، بۆ نموونە لە داواکردنی قەرەبووکردنی زیانەکاندا.

---

### پاراستنی قوربانی

- ئەگەر قوربانیەکە هەست بە هەڕەشە بکات لە لایەن تاوانکارەکەوە، دەتوانێت داوای قەدەخەی نزیکبوونەوەی بکات
- پۆلیس قسە دەکات لەگەڵ قوربانیەکە و هەڵدەسەنگێنێت کە ئایا پێویستیی بە پاراستنێکی تایبەتی هەیە لە ماوەی لێکۆڵینەوە و دادگێریدا
- لە تاوانەکانی جددیدا قوربانیەکە مافی هەیە زانیاری وەربگرێت سەبارەت بە ئازادبوونی زیندانیەکە

## لێکۆڵینەوەی پۆلیس

لە لێکۆڵینەوەدا **شیکردنەوەی ئەوە دەکرێت کە چی ڕوویداوە،** بەشدارەکان کێن، بەڵگەنامەکان و زیانەکای ڕوداوەکە چین. جیا بە جیا لێپرسینەوە لەگەڵ بەشدارەکان دەکرێت.

پۆلیس دەتوانێت واز لە لێکۆڵینەوە بێنێت، ئەگەر بەڵگە بۆ تاوانەکە یان بکەرە نەبن، تاوانەکە لە هەموو لایێکەوە کەم بێت، بەشدارەکان سوڵح بکەن یان بە هۆیێکی دیکەی یاسایی. ئەگەر پێویست بێت، مومکینە دیسان لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ جارێکی دیکە.

بە ئاسایی **پۆلیس یاداشتنامەیێکی ماتێریاڵەکان کۆ دەکاتەوە** کە بۆ داواکاری گشتی دەنێردرێت بۆ بڕیاردانی لەسەر تۆمەتبارکردن. بەشارەکانی بابەتەکە مافیان هەیە کۆپییێک لەو یاداشتنامەیە وەربگرن بە خۆرایی.

## بڕیاردانی داواکاری گشتی

داواکاری گشتی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە ئایا لەسەر تاوانەکە و بکەرەکەی بەڵگەی کافی هەن و ئایا داوانەکە ئەوهایە کە پێویستە داوایێک بکرێتەوە. ئەگەر داوکاری گشتی داوا بکاتەوە، بابەتەکە بۆ دادگای سەرەتایی دەڕوات بۆ دادگێری لەوێ بە نووسین یان بە دانیشتن. بۆ بەڕێوەبردنی بە نووسین پێویستی بە ڕازیبوونی قوربانیەکە هەیە و بکەرەکەش دەبێت ئیعتیراف کردبێت.

ئەگەر داواکاری گشتی بڕیار بدات کە داوا ناکاتەوە، قوربانیەکە مافی داواکردنەوەی هەیە. بۆ ئەوە پێویستیی قوربانیی تاوان بە ڕاوێژکاریی دادی هەیە چونکە کەسێک لە دادگا بدۆڕێنێت، ڕەنگە خەرجەکانی زۆر ببن.

---

**سوڵحکردنی** بەشدارەکان دەتوانن لە پرۆسەی دادگێڕیدا باسی ڕووداوەکانی تاوانەکە دەکەن بۆ نموونە بە ڕێگای دەستپێشخەری سوڵحکردن و ڕێکبکەون لەسەر قەرەبووکردنی زیانەکان. تەنیا پۆلیس یان داواکاری گشتی دەتوانێت دەستپێشخەری بکات لە سوڵحکردنی توندوتیژیی خێزانیدا. سوڵحکردنی فەرمی بە خۆرایی یە و پێویستیی هەیە بە ڕازیبوونی هەردوو لا. ئەگەر بە سوڵح بگەن مومکینە کە دادگێری نەکرێت یان پەیمانی سوڵح دەتوانێت ڕاچاو بکرێت بڕیاری دادگادا.

---

## بەڕێوەچوونی دانیشتن لە دادگای سەرەتایی

بەر لە دانیشتنی دادگا قوربانیەکە **بانگ دەکرێت بۆ دادگێری** کە بەڵگەنامەی پێراگەیاندن و داواکاری بۆ داخوازیەکانی قەرەبووکردنیش دێن. ئەوان دەبێت پڕ بکرێن و بۆ دادگا بنێردرێن. لە بانگەنامەکە دیار دەبێت کە ئایا پێویستە بە خۆت ئامادە بیبت. دانیشتنی دادگا لەو شارە دەبێت کە تاوان لێ کراوە. قوربانیەکە مافی هەیە پارەی ڕۆژانە وەربگرێت، خەرجەکانی سەفەر و پارەی کە بە هۆی ئامادەنەبوونی لە کار لە دەست بدات.

لە دادگێریدا گوێ دەدرێت بە بۆچوونی بەشدارەکان و شاهیدەکان و داوای سزادان و قەرەبووکردنی پێشکەش دەکرێت. لە دادگا مومکینە تەنیا داوالێکراوەکە سزا بدرێت و تەنیا بە هۆی ئەو داوایە کە تۆمەتبار کراوە. دادگێری بە ئاشکەرایەتییە ئەگەر دادگێر بڕیار نەدات کە بابەتەکە "لە پشت دەرگای داخراو" بەڕێوە دەچێت.

## بڕیار و داوای گۆڕانکاری

بڕیار یەکسەر یان دوای چەند حەفتەیێک دەدرێت. ماف هەیە داوای گۆڕانکاری لەسەر بڕیارەکە بکرێت لە دادگای پێداچوونەوە. لە هەندێک بابەت دا سکاڵاکردن پێویستیی بە ڕێگاپێدان هەیە. دادگێری لە دادگای پێداچوونەوەش وەکو لە دادگای سەرەتایی یە. بۆ دادگای باڵا پێویستی بە ڕێگاپێدانی سکاڵا هەیە.

### قەرەبووکردنی زیانەکان

قەرەبووی زیان کە پەسەند کراوە مومکینە لە داوالێکراوەکە بسەندرێت. یارمەتیدەری دادگێری دەتوانێت لەسەر ناوی قوربانیەکە داوای قەرەبووکردنی بکات لە بکەری تاوانەکە. زیانەکانی دژ بە گیان، تەندوروستی و ئازادی دەتوانێت قەرەبوو کردنی لە خەزینەی دەوڵەت وەربگرێت.

---

**قەرەبووکردنی زیانەکان** قوربانیەکە دەتوانێت بە ووردی داواکانی خۆی پێشکەش بکات سەبارەت بە قەرەبووکردنی زیانەکان لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا، یان پاشان بەر لە دانیشتنی دادگا.

---